# باشوور و ڕۆژهەڵات حیساب بۆ قسەکانی ئۆجەلان ناکەن

## سەعدی ئەحمەد پیرە: کاتێ ئۆجەلان بەربوو قسەیەکی لێ دەکەین

بە پێی ڕاپۆرتی ئاژانسی هەواڵی فورات، ڕۆژی 27 دیسامبر، بەڕێز عبدوڵڵا ئۆجەلان سەرۆکی PKK ، لە زیندانی ئیمرالی، لە کاتی چاوپێکەوتنی لەگەڵ پارێزەرەکانیدا هەندێک لە هەڵوێست و بۆچوونەکانی خۆی لەسەر کێشەی کورد و مەسەلەی هێرشەکانی ترکیا بۆ سەر باشووری کوردستان دەربڕیوە.

بەڕێز ئۆجەلان لە قسەکانیدا داوای هاوپەیمانی "کورد – شیعە" لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا دەکا. ناوبراو ڕادەگەیەنێ کە" لە ئێران ئەیالەتێک هەیە بە نێوی کوردستان..." هەروەها لە درێژەدا دەڵێ:" ئەم شەڕەی کە لە ناوچەکەدا سەریهەڵداوە بە قازانجی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ... هتدە." ئەمەی خوارەوە ڕای چەند کەسایەتییەکی سیاسیی باشوور و ڕۆژهەڵاتی کوردستانە سەبارەت بە قسەکانی ناوبراو.

"سەعدی ئەحمەد پیرە،" ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەدووری زانی کە ئەو لێدوانە هی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بێ و هاوکات ئۆجەلانی بە کەسێکی زیندانی ناساند کە حەقی قسە و بڕیاردانی نییە و وتی:" کاک عەبدوڵڵا ئۆجەلان کەسێکی زیندانییە و بۆچوونەکانیشی زیندانییە. یانی ئازادیی ڕادەربڕینی نیە و بۆ ئێمە کەسێک کە لە زینداندا بێ، حەقی قسەی نیە هەتا دەردەچێ و ئەوە تەعبیر لە بۆچوونی خۆی دەکا. ئێمە پێمانوایە لە قسەی خۆی ناچێ، قسەیەکە بۆیان نووسیوە و ئەگەر لە قسەی خۆیشی بچێ، تا لە زیندانە قسەمان نیە، کە لە زیندان بەربوو قسەیەکی لێ دەکەین. کەسێک کە لە زینداندا بێ حەقی قەراری نیە. چۆنکە ئازاد نیە تا قەراری ئازاد بدا. کەسێک لە ئاستی ئەو، لە زیندانێک وەک زیندانی ئەوێ بێ و بتوانێ لە ڕێگای پارێزەرانیەو ە پێوەندی بە ڕۆژنامە بکا و بڵاو بکرێتەوە! ئێمە گومانمان لەو کەین و بەینە هەیە، بۆنێکی لێدێ کە ئێستا نە بە قازانجی ئێمەیە و نە بە قازانجی تورکیایە لەسەر ئەو مەسەلەیە هیچ هەڵوێستێک دەربڕین. ئێمە ئەو قسەیەی ئەو ڕەت دەکەینەوە، بۆچوونێکی هەڵەیە، ئەگەر هی ئەو بێ، ئەگەر هی کەسێکی دیکەش بێ دیسان ئەوە خەوێکە کە هەمیشە تەحقیق نابێ."




ئەو لێپرسراوەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، سەبارەت بە ئیدیعای سەرکوتی کوردانی پارچەکانی دیکەی کوردستان لە لایان هێزەکانی باشووری کوردستانەوە، وتی:" هێزە سیاسیەکانی کوردستانی عێراق نوێنەری خەڵکی کوردستانی عێراقن و هەر گۆڕانکارییەک کە لە خزمەتی خەڵکی کوردستانی عێراقدا بێ، ئێمە کاری بۆ دەکەین. ئێمە هیچکات خۆمان بە بەرپرس و زمانحاڵی پارچەکانی دیکەی کوردستان نەزانیوە و ناشزانین. ئەوان هێزی سیاسیی خۆیان هەیە، کەسایەتیی کۆمەڵایەتی و سیاسیی خۆیان هەیە و دەتوانن بارودۆخی ناوچەکانی خۆیان لێکبدەنەوە و بەو پێیە سیاسەت بکەن. بەگشتی، ئێمە لایەنگری شەڕ نین. ئەگەر یەکێک لەو پارچانە بەرنامەکەی تەنیا شەڕ بێ، ئێمە نابینە لایەنێکی کێشەکە. ئەگەر بۆ سەقامگیری و چارەسەریی کێشەکان لە ڕێگای ئاشتیانەوە بێ، ئێمە هەتا ئەو جێگایەی کە دەتوانین هاوکار دەبین. چ هێزە سیاسییەکان و چ حکوومەتی هەرێمی کوردستان وەزیفەیان نیە سەرکوتی پارچەکانی تری کوردستان بکەن یان تەداخول لە ئیش و کاری ئەواندا بکەن."

لە لایەکی دیکەوە، "سەلاح دلۆ،" ئەندامی مەکتەبی سیاسیی پارتی دیموکراتی کوردستان بەم جۆرە بۆچوونی خۆی سەبارەت بە قسەکانی ئۆجەلان دەربڕی: "کەسێک وەکوو عەبدوڵڵا ئۆجەلان کە لە زیندانە، لە دەربڕینی ڕا و قسەکانیدا هیچ ئازادییەکی نییە و لەم قۆناخەشدا بە ڕای من وتەکانی حیسابێکی سیاسیی ئەوتۆی بۆ ناکرێ."

هەروەها، "زیرەک کەمال" لە حیزبی شیوعیی کوردستان، ڕەتی کردەوە کە " هیچ جۆرە بەرژەوەندییەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتنمانی کوردستان و هیچ لایەنێکی دیکە لەو شەڕەدا بێ . ناوبراو لە درێژەشدا وتی:"ئەو هێرشە دوژمنکارانەیەی تورکیا دەستی پێکردووە، ئەوەندەی ئازاری بە گەلی کوردستان لە باشوور گەیاندووە، ئەوەندە ئازاری بە PKK نەگەیاندووە."

هەر لە باشووری کوردستان، پێوەندیمان بە "د. سەلاح مەلاعومەر عیسا،" مامۆستای زانکۆ لە بەشی زانستە سیاسیەکان کرد. ناوبراو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە" تورکیا دەوڵەتێکی ئەوەندە دیموکراتیک نییە کە مەجال بە بەڕێز ئۆجەلان بدا تاکوو لە ناو زینداندا ئیدارەی PKK بکا." لە ڕوانگەی د. سەلاحەوە :" شەڕ یان توندوتیژی لە بەرژەوەندیی هیچ لایەنێك دا نییە، چۆنکە توندوتیژی تەنیا دەبێتە هۆی ئاڵۆزتر کردنی بارودۆخەکە، نەك چارەسەرکردنی کێشەکە."




هەروەها، سەبارەت بە بوونی هێڵی سیاسیی ئەمریکا لە باشووری کوردستاندا، د. سەلاح عومەر وتی:" پێویستە سەیری مێژووی خەباتی کوردەکانی باشوور بکرێت. هیچ کاتێک ئەمریکاییەکان یان زلهێزێکی دیکە نەهاتووە بەو کوردانە بڵێ ئێوە شۆڕش بکەن یان داوای مافی خۆتان بکەن. بەپێچەوانەوە، بە هەموو شێوەیەک ئەوان لە دژی مافەکانی گەلی کورد لە باشووری کوردستان بوونە."

ناوبراو، پێشنیاری بە PKK کرد "بۆ ئەوەیکە مافەکانی ئەمڕۆی خۆی بەدەست بێنێ، بچێتە ناو جەماوەر، ئەگەر جەماوەری لەگەڵ بێ، ئەو کات وەکوو واقعێک تورکیایش پێویستە کە گوێ لە قسەکانی بگرێت."

سەبارەت بە هاوپەیمانیی کورد و کۆماری ئیسلامیی ئێران(کورد - شیعە،) "بابەشێخ حسەینی،" سکرتێری سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران، تیشکی خستەسەر ئەگەری هەڵبەستراوبوونی قسەکانی ئۆجەلان و وتی:": خۆی هەواڵەکە شتێکی ناخۆشە. تۆزێک لە واقع دوور دەکەوێتەوە، بەڵام هێندێک نووسراوە هەن کە بەرپەرچی ئەو قسانە دەدەنەوە و گۆیا ئۆجەلان وای نەوەتوە. ئەگەر ئۆجەلان قسەی واشی کردبێ، شتێکی باشی نەوتووە، نە قازانجی بۆ کورد هەیە و نە بۆ PKK ش."

" بابەشێخ حسەینی" لە درێژەدا دەڵێ:"ئێمە پێمانوایە ئەو قسانە تاکتیکێکە بۆ ئەوەی فشارەکانی سەر PKK و ئەو بەشەی کە ناوی پژاکە کەم بکاتەوە. بە ڕای من، ئەو کاریگەرییەشی نابێ."

هەروەها، لە وەڵامی پرسیاری بۆ لەم بارودۆخەدا ئۆجەلان ئەو هەڵوێستەی گرتووە، سکرتێری سازمانی خەبات وتی:"من پێموایە لە کوردستانی عێراقەوە گوشار لەسەر PKK هەیە و ئەو هەڵوێستەش بۆ کەمکردنەوەی ئەو گوشارانەیە."

هەر سەبارەت بەو بەشە لە لێدوانەکانی عەبدوڵڵا ئۆجەلان، "جەلیل گادانی،" بەرپرسی دەستەی ڕاوێژکارانی دەفتەر سیاسیی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لێدوانەکانی ئۆجەلانی بەسەر دوو حاڵەتدا دابەشکرد و وتی:" یان بەراستی عەبدوڵڵا ئۆجەلان بە کەیفی خۆی قسە دەکا و لە زیندانەوە قسەکانی دێتە دەرێ، (وادیارە تورکیا دەوڵەتێکی زۆر دیموکراتیکە! کە هەموان دەزانین وانیە؛) یان مانای ئەوەیە کە هەموو قسەکان و حەرەکاتی لە ژێر کاریگەریی نیگابانان و پاسەوانانی زیندانە و میتی تورکیا تەواوی حەرەکاتی ئۆجەلانی لە ژێر کونترۆڵی خۆی خستووە. "

ناوبراو، لە درێژەدا وتی:" لەگەڵ ڕێزم بۆی، دەمەوێ عەرزی بکەم، با واز لەو قسانە بێنێ! ئۆجەلان لە زیندانداییە، با وەک زیندانییەکی شەرافەتمەند زیندانی خۆی بکێشێ و بەسەربەرزی بژی، لە ژێر کاریگەریی میت و ئەملا و ئەولادا قەرار نەگرێ."

جەلیل گادانی، باسی لەوە کرد کە:"عەبدوڵڵا ئۆجەلان ئەوەی بۆی کرا لە کاتی گرتنیدا بۆ هیچ ڕێبەرێکی دیکە نەکرا، بەڵام بەداخەوە قەدری نەزانی. لە دادگادا وتی: شەهیدەکانی تورکیا شەهیدن و شەهیدەکانی کوردیش شەهیدن، باشە، ئەگەر هەردووکیان شەهیدن، ئەو خەبات و شەڕەت لەبۆچی بوو؟!"

ناوبراو وای بۆچوو کە" ڕەنگە دەڵێن عەبدۆڵا ئۆجەلان مەسموم کراوە ، ڕاست بێ، دەنا کەسێکی مەنتقی بێ، کەسێک بێ کە ئوسووڵی بیر بکاتەوە، دەعوەت دەکەن."

جەلیل گادانی، سەبارەت بە پژاک وتی:"هیوادارم ئەو قسەیەی عەبدوڵڵا ئۆجەلان ڕاست نەبێ. ئەوە نەک هەر قسەیەکی سیاسی نییە، بەڵکوو زۆریش قسەیەکی منداڵانەیە. لە ئینسانێکی بەشەهامەتی زیندانیی سیاسی ناوەشێتەوە." گادانی بە سەرسوڕمانەوە پرسیار دەکا :"مەگەر پژاک نوێنەری کێیە؟ لە چ هەڵبژاردن و سەرکەوتنێکدا بۆتە نوێنەری کوردستان!؟ عەبدوڵڵا ئۆجەلان چۆن دەتوانێ، کوردستانی ڕۆژهەڵات بە کۆماری ئیسلامی ببەخشێ و 100 هەزار سوپاش بدۆزێتەوە و سنوورەکانی بۆ ئیدارە بکا، بەڵام 10 ملیۆن کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بێ ماف بمێننەوە لە ژێر سەیتەرەی ئەو ئاغایانەی کە پێیانوایە پێڕەوەی عەبدوڵڵا ئۆجەلانن!؟"

لە لایەکی دیکەوە ناوبراو، ئۆجەلانی بە قوربانی کردنی دەیان کەس بۆ ڕزگاریی خۆی لە خەڵک ناکا یەکێتییەکی وا پێکبێنین. من بەش بە حاڵی خۆم هیچ ئیعتبارێکم بۆ ئەو قسانە نیە و پێشم وانیە ئەو قسە و پێشنیارانە لە جێگای خۆیدا بێ."

لە درێژەدا، ناوبراو، دۆخی کورد لە ئێران و سیاسەتی بەرتەسک نیشاندانی کوردستانی لە لایەن ڕێژیمە یەک لە دوای یەکەکانی ئێرانەوە خستەڕوو و وتی:" ئێستاشی لەگەڵدا بێ، کورد نەیتوانیوە لە ئێراندا بە زمانی خۆی بخوێنێ و بنووسێ، کاک عەبدوڵڵا فەرمووی: پارێزگای کوردستانیان بە نێوی کوردەوە کردووە، نەخێر! ئەوە کڵاوبەرداریبە کردوویانە، چ کۆماری ئیسلامی و چ حکوومەتی پاشایەتیش. کوردستان زۆر لەوە بەرینترە. لە ڕوانگەی ئێمەوە لایەنی کەم چوار پارێزگای کوردنشین هەیە لە ئێراندا. ئەوە چۆنە کاک عەبدوڵڵا ئەوە بە ئیمتیاز دادەنێ بۆ کۆماری ئیسلامی؟ بە بڕوای من کاک عەبدوڵڵا دەبێ واز لەو قسانە بێنێ کە بۆ خەڵکی کوردستان و بەتایبەتی بۆ ڕۆژهەڵات دەیکا."

هەروەها، ناوبراو، باسی لە گوێڕایەڵیی هەڵەی PKK لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان کرد و وتی:" ئەمن زۆرم پێ سەیرە کە عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە هەلومەرجێکی وادایە و برادەرانی PKK هەروا کوێرانە تەبەعیەت لە عەبدوڵڵا ئۆجەلان




تاوانبار کرد و وتی:" ئەوە تەسلیم بوونە، ئەو(ئۆجەلان) پێشتر لە بەرانبەر تورکیادا تەسلیم بووە. بە دەیان ئینسانی تێکۆشەری کوردی تەحویل داوە بۆ ئازادیی خۆی."

هەروەها کاک جەلیل (بە پشت بەستن بە قسەکانی حاجی ئەحمەدی) پژاکی بە "بەشێک لە PKK "زانی و بوونی پژاکی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە "دەخاڵەتێکی ڕاستەوخۆ لەو




پارچەیەی کوردستاندا" دایە قەڵەم.

"عەلی ئەحمەدی" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی پارتی ئازادیی کوردستان، لە وەڵامی ئەو پرسیارانەدا دەڵێ:"وەک حاڵەتێکی تایبەت دەبێ چاو لە بەڕێز ئۆجەلان بکەین. ئەو لە زیندانداییە و دەرفەتی هەڵوێست و دەربڕینی ئازادی بیروڕای لێ زەوت کراوە. خۆ ئەگەر ئەو لێدوانەی لە ژێر گوشارێکی ڕاستەوخۆی جەستەیی یان ڕۆحیشدا نەبێ، هەر دیسان کەسێکی زیندانی خۆی لە خۆیدا لە بارودۆخێکی نالەباری ژیاندایە و لەحاڵەتێکی شێواوی ڕۆحیدایە. ڕەنگە زیندانییەک، بەشێک لە قسە و هەڵسوکەوتەکانی بۆ دەربازبوون و ڕزگاربوون لە حەپس بێ. بۆیە ئەوەندەی بۆ خۆدی ئۆجەلان دەگەڕێتەوە نابێ حیسابێکی زۆر بۆ ئەو لێدوانانە بکەین. بەڵام ئەگەر هاتوو کاریگەری و هێزی ئەو لێدوان و هەڵوێستانە بە جۆرێک بوو کە ببنە سیاسەتی عەمەلیی PKK ، ئەوە ئەو هەڵوێست و لێدوانانە دەبنە جێی نیگەرانی و زەرەر لە کورد و خۆدی PKK و بەڕێز ئۆجەلانیش دەدا."

ئەو ئەندامەی کۆمیتەی ناوەندیی PAK لەسەر ئەو باوەڕەیە کە:"کەس ناڵێ با PKK ڕێز و حورمەتی سەرۆکی زیندانیکراوی خۆیانیان نەبێ، بەڵام، ئەوە دروست نییە کە حیزبێک لە لایەن سەرۆکێکی زیندانیکراوەوە ڕێبەرایەتی بکرێ، ئەویش زیندانی دەوڵەتێکی فاشیستی وەک ترکیا."

"عەلی ئەحمەدی" لە هەمانکاتدا دەڵێ:" هەڵبەت ئەو لێدوانانەی بەڕێز ئۆجەلان تازە نین. کاتی خۆی لە بیرم دێ ساڵی 95- 96 هەر لە پێوەندی لەگەڵ ئێران و پرسی "هاوپەیمانێتی" دا، بەڕێزیان دەیانگوت کە: کورد و کۆماری ئیسلامی و سووریا و عێراق و حیزبوڵڵای لوبنان و... هتد، دەبێ لە بەرانبەر ئیمپریالیزمدا هاوپەیمانێتی پێکبهێنن. هەروەها باسی ئەوەی دەکرد کە "کۆماری ئیسلامی و کۆماری کوردستان یەک ئامانجیان هەبووە لە دژایەتی کردنی ڕێژیمی شادا. چەند جاریش لە ئاخاوتنەکانیدا ڕایگەیان کۆماری ئیسلامی بەم زووانە هێندێک لە مافەکانی کورد دەدا."عەلی ئەحمەدی لەمەڕ لێدوانەکەی بەڕێز ئۆجەلان سەبارەت بە "ئەیالەتی کوردستان" و داوای دانانی کۆماری ئیسلامی بە پژاک و PKK دا، وتی :"ئەوە غەدرێکی گەورەیە لە کورد کە هەموو ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە نێو پارێزگایەکدا بە نێوی کوردستان بەرتەسک بکرێتەوە. لەراستید لە بەر خۆشەویستی و دانان بە بوونی کورد و کوردستاندا نەبووە و نییە کە ئەو پارێزگایە ناوی نراوە(کوردستان،) بەڵکوو بۆ ئەوەیە کە باقی خاکی کوردستان لە ڕۆژهەڵات (کە بە بۆچوونی ئێمە بە شێوەیەکی گشتی هەموو پارێزگاکانی ڕۆژئاوای ئێران بێجگە لە خووزستان دەگرێتەوە،) نادیدە بگیرێ و کوردستان لە ناوچەیەکی بچووکدا بەرتەسک بکرێتەوە. ئەوەش کە باسی لەوە کردووە کە کۆماری ئیسلامی دان بنێ بە پژاک و PKK دا، بە بڕوای من، هیچ شانازییەک نییە کە حیزبێکی کوردی ئەوەندە لە ئامانجی ڕەوای نەتەوەکەمان دوور بکەوێتەوە کە دەوڵەتێکی داگیرکەری پارچەیەکی دیکەی وڵاتەکەی، دانی پێدابنێ و وەخۆی بگرێ. پاشان ڕۆژهەڵاتی کوردستان حیزب و ڕێکخراوەی ناسراو و ڕەسەنی خۆی هەیە. بەدڵنیاییەوە ئەوانن کە بەرپرسن لە بارودۆخی ئەو پارچەیەی کوردستان نەک هێزەکانی پارچەکانی دیکە. هێز و حیزبە سیاسییەکانی پارچەکانی دیکەی کوردستان تەنیا ئەرکی ئەوەیان لەسەرشانە کە لە هەماهەنگیی بەردەوام لەگەڵ هێزەکانی پارچەکانی دیکەدا بن و هاوکاری بکەن نەک چارەنووسیان بۆ دیاری بکەن. ئەم سیاسەتە نە دروستە و نە سەرکەوتووش دەبێ."

عەلی ئەحمەدی پێ لەسەر ئەوە دادەگرێ کە "پێویستە هەموو هێزەکانی بزووتنەوەی کورد چ لە ئاستی یەک پارچەی کوردستان و چ لە ئاستی هەموو کوردستاندا، لێک نزیک ببنەوە و خۆ ئەگەر نەکرا هاوکاریی یەکتریش بکەن، کێشە بۆ یەکتر دروست نەکەن و لەسەر کار و خەباتی یەکتر ڕێگر نەبن." لە کۆتاییدا، ئەحمەدی ئەوەشی وت کە:"لەسەر هەموو هێزە سیاسییەکانیشە کە پاڵپشت بن بۆ ئەزموونی باشووری کوردستان و هاوکار بن لە مانەوە و بەهێز بوونی. حکوومەتی کوردستانیش دەبێ پارچەکانی دیکەی کوردستان بە قووڵایی ئیستراتیژیی خۆی بزانێ و بەو دیدەوە بڕوانێتە پارچەکانی دیکەی کوردستان."

